# بنەماكانی تیۆری بنیادی ئەرك و فەرمان

# Strukturell- fumktionale Theorie

د. حەمید عەزیز
پرۆفیسۆری یاریدەدەر- كۆلیجی ئەدەبیات- زانكۆی سەلاحەددین

**هۆكاری پەیدابوونی تیۆرییە كۆمەڵایەتییەكان**

١- پشت ئەستور بەو سەرچاوە زانستییانەی بابەت و مێژووی پەرەسەندنی سۆسیۆلۆجی (زانستی كۆمەڵایەتی)یان تۆماركردووە، هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە لەلای ئۆگۆست كونت (١٧٩٨-١٨٥٧ز) تاوەكو ئەو سەردەمەی وەك زانستێكی سەربەخۆ چ لە بابەت و چ لە میتۆدو ڕێبازی لێكۆڵینەوەدا لە بەرانبەر زانستەكانی تردا خۆی سەپاندووە. دەردەكەوێ ئەم زانستە بەزنجیرەیەكی ئالقە نەپساو بەرەو پێش چووە، ئەگەرچی لەم سەردەمانەدا سەردەمی شۆڕشی تەكنەلۆجی و ئەلیكترۆن و كۆمپیوتەرو جیهانگیری و بوونی تاكە دەسەڵاتی یەك زلهێز دووچاری دەستی تەنگژە و قەیرانێكی Krise سەخت و گرانی لە رادەبەدەربووە كە كۆتاییەكەی لەوە ناچێ هیوای نزیكبوونەوەی بۆ بخوازرێ، ئەوا ئەم زانستە سەرەڕای ئەم رەوشە، بەپێی نەزم و ڕێكوپێكی فرە رەنگیی بابەتەكەی كە كۆمەڵی مرۆڤە بەهەموو لق و ئۆرگان و ڕێكخراوەكانییەوە چوارچێوەی توێژینەوەی بۆ دارشتووەو ئامرازی فرە رەنگی لێپێچانەوەو توێژینەوەی بۆ داهێناوە كە پتر لە چوارچێوەی هزرو بیرو بۆچووندا خۆیان نیشانداوە. ئەم ئامرازە فرە رەنگە دەكرێ بەو تیۆرییە كۆمەڵایەتییانە ناوبرێت كە بۆ توێ توێ كردن و توێژینەوەو چارەسەركردنی دیاردە، قەوماو، پەیوەندی و گۆڕانە كۆمەڵایەتییەكان رەنگیان ڕێژراوە.

وەك هەموو بابەتێكی زانستی، دانان و دەركەوتنی ئەم تیۆرییە كۆمەڵایەتییانە دەكرێ بەڵێكەوتەی چەند هۆكارێك دابنرێن كە بوونەتە مایەی پەیدابوونیان ئەوی لێرەدا وەك بابەتی پرسیار بەهزرو بیر دابێت، چ هۆكارو فاكتەرێك لەم بوارو كایەیەدا ڕۆڵی سەرەكیی گێڕاوە، ئایین، زانست،

سیاسەت، ئاكارو بەهاو نەریتە كۆمەڵایەتییەكان یاخود هۆكاری ئابووری؟!

لەو رۆژەوە كۆمەڵ Society پەیدابووەو بەتەواوەتی و دامەزراوێكی سەربەخۆی كۆمەڵایەتی خەت و خاڵی داوە، ئەرك و فەرمانی (وەزیفە) دیارو دەستنیشانكراوی لە ئەستۆ دابووە چ بەرامبەر بەخۆی یاخود بەرامبەر بەو پێكهاتە فرە رەنگییەی جەوهەرو كاكڵەكەیانی لێوە پێكهاتووە. لە پرۆسەی مانەوەو بەردەوامیی و راپەڕاندنی ئەم ئەركەدا وەك هەموو ئۆرگانێكی بەكارو زیندو و دووچاری تەنگژنە و قەیران و گرفت بووە كە هەندێكیان لە سروشتی خۆیەوە كەوتوونەتەوە و هەندێكی تریان هۆكاری جیاو دەرەكییان هەبووە. ئەم رەوشە بۆ تەمایەی ئەوەی رێك و پێكی و نەزم و پەیوەندی و دیاردە كۆمەڵایەتییەكان لە سنوری ئاسایی و سروشتی خۆیان بچنە دەرەوە، چ لە روخسارو چ لە ناوەڕۆكدا بێن بە كێشەیەك سەرنج بۆ لای خۆیان رابكێشن و خوازیاری دۆزینەوەی رێگا چارەسەر بن. ئەم هەڵوێست دیاریكردنە خوازراوە و ئەو رێگەچارانە چ وەك تیۆری و چ وەك هەڵوێستێكی كردەیی بریتی بوون لە چەند تیۆرییەكی جۆربەجۆر كە بیروبۆچوون و ئیدیۆلۆجی سیاسی و كۆمەڵایەتی و فەلسەفی و ئابووری و خاوەنەكانیان دەربڕیوە.

٢- سۆسیۆلۆجی وەك زانستێكی كۆمەڵایەتی لەم بوارەدا ئاسایی سودی لە تاقیكردنەوەو رێبازو میتۆدی زانستەكانی تر وەرگرتووە. بابەتێك كە فیزێك (زانستی سروشت) لەگەڵ زانستە جۆربەجۆرە كۆمەڵایەتییەكان پێكەوە دەبەستێتەوە و پێشتریش لە یەكتری نزیكی كردبونەوە ئەوەیە هەردووك لایان كاتێك چالاك و دەستبەكار دەبن ئەگەر بێتوو گرفتێك لە ئارادابێ و سەرنج بۆ لای خۆی كێش بكات و خوازیاری چارەسەركردن بێت. بەڵام ئەو بابەت و هەڵوێست و پەیڕەو میتۆد و چارەسەرەی هەردووك لایان دەیدەنە دەست جیاوازن و لە یەكتری جیایان دەكاتەوە. ئەمە لە خۆیدا شتێكی ئاساییە چونكە ئەم دوولایەنە دوو زانستی لە یەكتری جیان و بابەت و ناوەڕۆك و روخسارو ئامرازی لێك جیایان هەیە كە سروشتی كێشە بابەتییەكانیان دیار و دەستنیشانیان كردووە، بۆ نموونە ئەگەر چاو لە هەندێ تیۆری كۆمەڵایەتی بپۆشین كە جێگا دەستی تیۆری پەرەسەندنی بوونەوەری ئۆرگانیان پێوە دیارە دیاردە و پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان لە دیاردە و بابەتی جیهانی سروشتی و زانستەكەی جیاوازترن و تایبەتمەندی خۆیانیان هەیە، بەرێباز و ئامرازی چارەسەر و توێژینەوەی دیاردە و گرفتە سروشتییەكان، نە چارەسەر دەكرێن و نەبەلایەكدا دەخرێن.

خۆ ئەگەر بنەمای زانستیی (هۆكارو ئەنجام Kausaletat) لە سروشتی بێگیاندا دەستبەكاربێت و پەیڕە و بكرێت. ئەوا لەكاتی توێژینەوە و چارەسەركردنی گرفتە كۆمەڵایەتییەكاندا ئەگەر مەبەست و ئامانجی پێشكەوتنی كۆمەڵی بەدوادابێت، نەك هەر دووچاری سەرگەردانیی و تەنگژەو گرفت دەبێ بەڵكو بەپێی پێویست بڕ ناكات. لەم روانگەیەوە گیان و سروشتی زانستییانەی توێژینەوەی بابەتی سۆسیۆلۆجی بەلایەنە جۆربەجۆرەكانییەوە وا

پێویست دەکات کە تایبەتمەندی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە بەرچاو بگیرێ، بەوردی دەستنیشان و پێناسە بکرێن، هۆکاری پەیدابوونیان، ئەو دەوروبەرەی تیایدا سەریان هەڵداوە و پەیدابوون، تیشکی توێژینەوەیان بخرێتە سەر، ئەو دەرئەنجامانەی لێیان کەوتوونەتەوە یاخود پێشبینی کەوتنەوەیان دەکرێت، بەهەند بگیرێن. ئەو هەوڵەی دەدرێت دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ دیاردە سروشتییەکاندا بخرێنە نێو دوو تای یەک تەرازوو، بەیەک چاو تەماشا بکرێن و هەمان میتۆد و رێباز بۆ چارەسەرکردنیان بگرێتە بەر، چاو لەو راستییە دەنوقێنێ کە ئەم دوو بابەتە دوو کەرەستەی ئەوپەڕی لە یەکتری جیاوازن و هەریەکەیان کایەو بوارو سەربەخۆیی خۆی هەیە. ئەگەر لە جیهانی سروشتیدا دووبارەبوونەوەی رووداوە نامۆیەکان شتێکی ئاسایی بێت. لە هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤدا نەدوو بارەبوونە وە نە بابەت و نە رووداوی وەک یەکتری بەدی دەکرێن. پشت راستکردنەوەی ئەم هەڵکەوتە واپێویست دەکات کە سەرجەمی ئەو رووداوانەی لە کۆمەڵدا دەقەومێن توند بەو رەوش و دۆخەوە گرێ بدرێن کە وەک فاکتەرو هەلومەرج بوونەتە مایەی پەیدابوونیان، ئینجا ئەم رووداو و گرفتە ئاساییانە لەگەڵ ئەو تیۆرییە کۆمەڵایەتییانەی وەک رێگاچارە داهێنراون بەرامبەر بەیەکتری، بخرێنە ناو دوو تای تەرازوویەکەوە. چونکە وەک راستییەکی گومانهەڵنەگر هیچ کاتێک کۆ و جۆری ئەم رووداوانەی لە کۆمەڵدا قووت دەبنەوە، بەهەموو جۆرو پێکهاتەکانیانەوە، مایەی پەیدابوونی ئەم تیۆرییانە بوون و ناکرێ لە یەکتری دابڕدرێن و خۆشیان لە توانایاندا نییە دەستبەرداری یەکتری بن.

٣- بەپێی سەرچاوە بەپیت و پێزەکانی پەرەسەندنی کولتورو شارستانیەتی مرۆڤ و زانستە هەمە چەشنە کۆمەڵایەتییەکان هەرەسهێنانی قۆناغ و سیستەمی چینی فیودالیزم (دەرەبەگایەتی، خاوەن زەوی و سیستمە ئابووری و سیاسییە سەرمایەدارییەکەی، گۆڕانی سەرتاپاگیری بەسەر ژیان، کۆمەڵ، رەوشی ئابووری، سیاسی، دامودەزگاو دامەزراوە جۆربەجۆرەکانی دەوڵەتدا هێناوە، سەرەڕای ئەوەی سەرنجی مرۆڤ بۆ هەندێ لایەنی دیاردە گرنگەکانی کۆمەڵایەتی راکێشاوە وەک: ئایین ودامودەزگاکانی، بنەماکانی ئاکار، بەهاو نەریتی فرە رەنگی کۆمەڵایەتی، دامەزراوە، پێکهاتە و دەسەڵاتە هەمەچەشنەکانی فەرمانڕەوایی... .

بزوتنەوەی رێنیسانس لە ئیتالیای سەدەی چواردە و پانزەی زایین و بزووتنەوەی کولتووری هیومانیزم (مرۆڤ پەروەریی) و چاکسازییە ئایینییەکەی مارتن لوتەری ئەڵمانی (١٤٨٣-١٥٤٦ز)، شۆڕشی سەرتاپاگیری زانستی ئەوسا، کە بەهزری ئەزموونی Emplism پشت ئەستوور بووە[1] ئەم چوار بزووتنەوەیە مەزنە بوون کە ئاوابوونی خۆری سەدەکانی ناوەڕاست و دەرکەوتنی رۆژی سەدەکان و جیهانی نوێ و مۆدێرنیان تۆمارکردووە.

چاکسازییەکانی لوتەر Luther ئایینی مەسیحی کردووە بەدوو مەزهەب کاتولیک و

پرۆتێستانت. ئەم دوو پارچە كردنەی ئایینی سەرتاپاگیری مەسیحی (عیسایی)، لە دوو لاوە رەنگی داوەتەوە و ئەنجامی سەرنجڕاكێشی داوەتە دەست:

- جارێكی تر بایەخ بە مرۆڤ، بە تاكەكەسان دراوەتەوە و دەرفەت دراوە بەمرۆڤ بیروبۆچوونی خۆی دەربڕێ دەربارەی ناوەڕۆكی ئینجیل (كتێبی ئایینی عیسایی) و دوگماكانی ئاینەكە و دەزگاكانی كلێسا و ئۆرگانەكانی كۆمەڵ و دەوڵەت.

- جارێكی تر سەرنج بۆ ئەوە راكێشراوە كە كار و كردن جەوهەر و سروشتی راستەقینەی مرۆڤ دەردەبڕن و پیرۆزی مرۆڤ لەوەدایە كە كاردەكات و بەرهەمی هەیە نەك لەوەدا پشت بكاتە خۆشیەكانی ژیان و دنیاو ملی رێگای رەبەنیی (رەهبانیەت) بگرێتەبەر. شۆڕشی مەزهەبی و سەرتاپاگیری فەرەنسای ساڵی (١٧٨٩ز) رۆڵی ئایین و چینی دەرەبەگایەتی لە لایەنەكانی ژیانی مرۆڤدا، لاوازو بێهێز كردووە، سیاسەت و كولتوورو ئابووری و پارەدارانی باژێرو شاری (بورجوازی - سەرمایەداری) بەتین كردووە. ئەم گۆڕانە لە بار - نالەبار كارێكی بەرچاوی لە كۆمەڵ و دامودەزگا و پێكهاتەكانی كردووەو رەنگی كارێكی بەرچاوی كردۆتە سەر كۆمەڵ و دامودەزگاو پێكهاتەكانی لە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتی سەدەی هەژدەهەمدا، رەنگی داوەتەوە، ئەو سەدەیەی زانستی كۆمەڵایەتی (سۆسیۆلۆجی)تیادا لە دایك بووە.

ئەگەر شۆڕشی پیشەسازی ئینگلیز و بزووتنەوەی سۆسیالیستی سەدەی نۆزدەهەمی ئەڵمانی دوای كۆچی دوایی رابەری رێبازی ئایدیالیزم هیگل (١٧٧٠-١٨٣١) وەبیر بهێنینەوە. وێنەی ئەو كەش و هەواو زەمینەیە لەبەرچاو و هزرو مێشكدا بەرجەستە دەبێت كە تیۆرییە هەمەچەشنە كۆمەڵایەتییەكان تیادا چوزەرەیان كردووە، شین بوون و هاتوونەتە بەر.

راست و دروستە بەهۆی شۆڕشی فەرەنساوە مرۆڤ وەك تاك و سیستەمی كۆمەڵایەتی و رژێمی كاربەدەستی سیاسی لە چەند لایەكەوە لە چەنگی كلێسا و چینی فیودال و دوگماكانی ئاینی مەسیحی رزگاركران. شۆڕشی پیشەسازی ئینگلیزیش ناوەڕۆك و روخساری پەیوەندییە ئابووری و كۆمەڵایەتییەكانی گۆڕی. بەڵام ئەم دووە، شۆڕش و گۆڕان، جگە لە لایەنە باش و لە بارەكەیان، گرفت و كێشەی كۆمەڵایەتی و ئابووری و... یان لەگەڵ خۆیاندا هێنایەكایەوە.

شۆڕشی فەرەنسا نەك هەر رۆڵەكانی خۆی لەناوبرد كە هەڵگیرسێنەری بوون، بەڵكو تیۆریانە توندوتیژی و تیرۆری، پاساوداوە. شۆڕشی پیشەسازی ئینگلیز بەهۆی میكانیزەكردنی كار و پیشە و دامەزراوەكانی كۆمەڵەوە رەوشێكی داهێناوە كە بەبیرۆكراتی[3] ناودەبرێت. ئەم رەوشە نوێیە كۆمەڵی هەژاندووە، مرۆڤی سەرگەردانكردووە لایەن و پەیوەندییە جۆربەجۆرەكانی سیستم و نەزم و رێكوپێكی كۆمەڵایەتی شێواندووە.

ئەو گۆڕانەی چاوەڕوانی سووككردنی باری گرانی سەرشانی مرۆڤی لێدەكرا، سیستەمێكی سەرتاپاگیری كۆمەڵایەتی ئەوتۆی داهێناوە، مرۆڤ لەناویدا نەك هەر كاریگەری نەماوە بەڵكو نقوم بووە

و وەك گێژاوێك خەریكی هەڵلوشینی بووە. بۆیە زانایانی زانستی كۆمەڵایەتی (سۆسیۆلۆجیستەكان) هەوڵیان داوە لە چوارچێوەی نەزمی كۆمەڵایەتی و لە سایەی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری سەرمایەداری سەرهەڵداو و جێگیربوودا رێگاچارەیەك بدۆزنەوە بۆ سەرلەنوێ هێنانەوە، دانان و سەقامگكیركردنەوەی رێكوپێكی و رەوشی ئاسایی كۆمەڵایەتی بەپێی هەڵومەرجە جۆربەجۆرەكانی ئەو سەردەمە و رزگاركردنی مرۆڤ لەو گرفتانەی بەهۆی گۆرانی نەزم و رەوشی ئابووری و كۆمەڵایەتی تێی كەوتووە. پاراستنی كەسایەتی تاكەكان، جێگیر و سەقامگیركردنی پلەوپایە و مەڵبەندی مرۆڤ لە بەرانبەر تەوژمی بەگورو سەرتاپێگیری رژێمی دەستبەكار و دەسەڵاتدار، ئاژاوەو شێواوی نێو دەزگاو ئۆرگان و رێكخراوە كۆمەڵایەتییەكانی كۆمەڵ، سەرەرای ئەوەی مرۆڤ لە پەیوەندی و چالاكی و كرداریدا نەك هەر لە توانایدا نەماوە كاریگەرانە لە پرۆسە هەمەرەنگییە فرە لایەن و ئالۆزە كۆمەڵایەتییەكاندا بەشداری بكات بگرە خۆی لە چوارچێوەی پرۆسەی كارلێكران و كارلێكردنی كۆمەڵایەتیدا وا بینیوە كە لەگێژاوێكدا نقوم بووە هەستی بەوە كردووە پێویستە هەوڵی كارامە بدرێت بۆ چارەسەركردن و بەلایەكدا خستنی گرفتە كۆمەڵایەتی و ئابوورییەكان و كەسایەتی راستەقینەی مرۆڤ جارێكی تر لە بەرامبەر سیستەمی سەرتاپاگیری كۆمەڵایەتی كۆمەڵدا بەسەرخان و ژێر خانیەوە دووپات و پشت راست بكرێتەوە. ئەمە ئەو كەش و هەوایە بووە كە وەك هۆكار پەیدابوونی تیۆرییە كۆمەڵایەتییەكانیان لێكەوتۆتەوە.

### تیۆری بنیادی ئەرك و فەرمان

ئەگەرچی تیۆری ئەرك و فەرمان لەدوای جەنگی جیهانی دوومەوە لە ئەمەریكا دامەزراوە، كەچی لەم سەردەمەدا بووە بە بابەتێك تەنیا بایەخێكی مێژوویی هەیە و پتر لە زانكۆكان دەخوێندری. لەلایەن پرۆفیسۆر تالكۆت پارسۆنز، مالینۆفسكی میرتون و چەند پرۆفیسۆرێكی تری بابەتی زانستی كۆمەڵایەتی چەند زانكۆیەكی ئەمەریكا بەتایبەتی لە زانكۆی هارڤارد دارێژراوەو پەرەی پێدراوە. ئەم تیۆرییە لە ناوەرۆك و روخساردا، لەو بابەتانەی بۆ چارەسەركردن هەڵبژاردوون و دەستنیشانی كردوون، پەیرەوی لەو میتۆدو رێبازە دەكات كە رەوش و هەڵومەرجی دوای جەنگی جیهانی دووەمیان پێوە دیارە، ئەو رەوشەی لەلایەن دوو زلهێزەوە بەرێوەچووە، یەكێتی سۆڤییەتی جاران (روسیای ئێستا) و ئەمەریكا. ئەم رێبازە بەئاشكرا شێوازو جۆری ژیانی ئەمەریكای American Way of Life دەربریوە، ئیتر ئەم پێوە دیاربوونەوە یا ئەو دەربرینە دەشێ لە رقەبەری كردنی ئەو ماركسیزمە بووبێ كە لە مۆسكۆ ناوەرۆك و روخسارێكی ستالینیانەی بەبەردا كراوە، یاخود لە پشتگیری كردنی سیاسەت و ئایدیۆلۆجی رژێمی كاربەدەستی ئەمەریكا و دەزگا و كۆمپانیا مۆنۆپۆل و كارتێنەكانی بووبێ، یاخود لەو هەڵوێستەدا بووبێ كە بەرامبەر بە رابردوو دوارۆژو پێداویستی و بایەخ و گرنگیی ناچارەكی ئەركو فرمانی رژێمی كاربەدەست و سیستەمی كۆمەڵایەتی هەیان بووە، یان لە تاوێتۆكردنی پێكهاتەی كۆمەڵ، پەیوەندی

كۆمەڵایەتی، دیاردەكان، خێزان، نەزم، ئایین و بەهاكانی ئاكاردا، یان لەو بیروبۆچوونەدا رەنگی دابێتەوە كە لە رۆڵی كۆمەڵایەتی و گۆڕان و پەرەسەندن و بێشكەوتندا سەریهەڵداوە كە پتر لە چاكسازیی نیوەچڵ و دەڵەمەیی چووە و جەوهەرو ناوەڕۆكی راستەقینەو چارەسەری تەواوەتی نەبووە، ئەگەر پشتگوێ نەخرابن ئەوا رێبازە زانستییە بەلایەكدا خەرانەكەیان بۆ نەگێراوەتە بەر. ئەمانە راست و دروستی ئەم بڕیارەمان پشت راست دەكەنەوە.

**پێكهاتەی تیۆرییەكە**

ئەم تیۆرییە وەك لە ناوەكەیەوە دەردەكەوێ لە دوو رێبازی بەیەكەوە لكێنراو پێكهاتووە:

- بنیاد Struktur
- ئەرك و فەرمان (وەزیفە) Funktion

تیۆری بنیاد كە پێشتر لەلایەن شتراوس و دوركهایمەوە داكۆكی لێكراوە كۆمەڵ و پێكهاتەكانی، دیاردەو پەیوەندییە كۆمەڵایەتی و ئۆرگان و دامەزراوەكانی بەپێی كەرت و بەش و لایەن و پێكهاتەی دامەزراوەكانی بنیادی كۆمەڵایەتی لێكداوەتەوە.

تیۆری ئەرك و فەرمانیش بۆ لێكدانەوە و توێژینەوەی دیاردە و پەیوەندیی و گرفتە كۆمەڵایەتییەكان پشتی بەو ئەرك و فەرمانە (بەو وەزیفەیە) بەستووە كە كەوتۆتە ئەستۆی پێكهاتە فرە رەنگەكانی كۆمەڵ. تیۆری بنیادی ئەرك و فەرمان هەردوو تیۆرییەكە، هەر دوو لایەنەكەی لە یەكداوە، بەجۆرێك مامەڵەی لەگەڵ دیاردە، گرفت و پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكاندا كردووە كە:

یەكەم: چەند ئەنجامێك لە كەرت و بەش و لایەنە پێكهاتەو قەوارە بنیادییەكانی كۆمەڵ دەكەونەوەو دەردەكەون.

دووەم: ئەم دەركەوتنەیان ئەرك و فەرمان و وەزیفەیەكی دیارو ئاشكرای كۆمەڵایەتی هەیە كە پەیوەندییەكی راستەوخۆ یاخود پەیوەندییەكی ناڕاستەوخۆیان بەئەرك و فرمانی دیاردەكانی ترەوە هەیە كە لە بەش و لایەنەكانی تری بنیادی كۆمەڵایەتییەوە كەوتوونەتەوە(٤).

راستییەكی گومانهەڵنەگرە كە كۆمەڵی مرۆڤ هەر لە سەرەتای پەیدابوونەوە بەو جۆرە بەرەوە پێشچووە كە شایستەی ناوی كۆمەڵ Society بێ، لە چەند ئۆرگان و دامودەزگاو رێكخراوو كەرت و بەش و پێكهاتەی هەمەچەشن دروست بووە كە بەپێزیی و فرە رەنگی ژیانی كۆمەڵایەتی مرۆڤ و چوست و چالاكییەكانی نیشان داوە بگرە ساغ و پشت راستیشی كردۆتەوە. لەلایەكی ترەوە ئەم لایەن و ئۆرگان و كەرت و بەشانە بەمرۆڤەوە، ئەرك و فەرمانی دوولایەنەی بەرامبەر بەیەكتریان لە ئەستۆ دابووە كە لە هی تر جیای كردوونەتەوە، سیما، سروشت، تایبەتمەندی دەوروبەر، شارستانییەت و كولتووری پێبەخشیون و نواندوویانە.

هەروەك لە ناونیشانی تیۆرییەكەوە دەردەكەوێ جەخت لەسەر دوو لایەن كراوەو پێ لەسەر دوو بەش داگیراوە:

- بنیادو پێكهاتەكانی كۆمەڵ بەفرە رەنگیەكانیانەوە لێیان بكۆڵرێتەوەو بكرێن بەبابەتی توێژینەوە ئینجا:

- ئەو ئەرك و فـەرمان و وەزیفەیـەی كەوتۆتـە سەرشانی لایەنە جۆربەجۆرەكانی كۆمـەڵ هـەر لـە تاكەوە تا دامەزراوە هەمەچەشـنەكان و رێكخـراوە كۆمەڵایەتییـەكان و دەوڵـەت خۆیـشی بەهەرسـێك دەسـەڵاتییەوە (پیـادەكردن و دادوەریـی و قـانون دانان) سەرەڕای سیستەمە ئابووری و سیاسییەكەی لێیان بكۆڵرێتەوەو تاوتۆی بكرێن.

دوور نەڕۆین ئەگەر بڵێیی هەڵبژاردنی ئەم نـاوە بۆ تیۆرییەكە و ئەو میتـۆدەی پـەیڕەوی دەكـات و ئەو ئەركە زانستییەی لە ئەنجامدا بەخۆی دەسپێرێ لە چوارچێوەیەكی بەتیۆریی پاساودان و رەواكردنـی بنـەماكانی سیـستەمی كۆمەڵایـەتی و ئـابووری رژێمی سەرمایەدری بەولاوە نییە [٥]. ئەم تیۆرییـە لــە جیــاتی بایەخــدان بەپرۆســەی گــۆڕانی سەرتاپاگیرانەی كۆمەڵ و دۆزینـەوەی ئـەو هۆكـارە سەرەكییانە[٦]ی تەكاندەری گۆڕانی كۆمەڵ و ژیان و دەوڵەتن، جەخت لەسەر بنیادو ئـەرك و فـەرمان و وەزیفـــە دەكـــات و ســـەرگەرمی پاراســـتنی هەماهەنگیی و تـەبایی و هاوكێـشەیی و ئـارامی نەزمی كۆمەڵ و بەرقەراركردنی مانەوەی پایـەكانی رژێـم و بەردەوامییەكەیـەتی. سـەرەڕای ئەمـە رابەرانی ئەم رێبـازە بـەجۆرێك پێناسـەی ئـەرك و فـەرمانیان كـردووە كـە ناوەڕۆكـە راسـتەقینەكەی پـشتگوێ بخـرێ و وایـان دانـاوە گوایـە (وەزیفـە ئەنجامدانی كارو كاریگەرییەكە هەستی پێدەكرێت و دەبێتـە مایـەی بـەدیهێنانی پێكـەوە گونجـان و بەیەكـەوە هـەڵكردن و هەماهـەنگی و تـەبایی لـە چوارچـێوەی نـەزمێكی دیـاریكراودا)[٧]. ئـەم پێناسـەیە، هەماهـەنگیی و پێكـەوە گونجـان و هاوكاری نـەك ركابـەریێ و جیـاوازی و ناتـەبایی، هێمنـــی و ئـــارامی وناتـــەبایی نـــەك گـــۆڕانی سەرتاپاگیرانە، لە جەوهەر و پوختەی ئەرك و فرمان و وەزیفەدا دەبینێ.

## پوختەی ناوەڕۆكی تیۆرییەكە

بــەپێی سەرچـاوەكان رابـەرانی ئـەم رێبـازە، پارسۆنزو مالینوڤسكی و میرتون لە باوەڕەدا بـوون لە یەكچوونێكی لـە رادەبـەدەر لـە نێـوان نـەزم و پێكهاتــەی كۆمەڵایـەتی و گیانلەبـەری ئۆرگانیـدا هەیە. ئەوان وایان داناوە كـە ژیـانی كۆمەڵایـەتی، ژیان و گوزەرانی كۆمەڵایەتی [٨] مرۆڤ لە كۆمەڵدا، بوونەوەرێكی زیندووە. ئەم بڕیارە بەش و بڕگەیەكی سـەرەكیی پێكهاتــەی ئـەركی شـیكارییانەی ئـەم تیۆرییە دەستنیشاندەكات، ئەو كارە دەردەخات كە بیروبۆچوونەكانی هێربەرت سپنسەر Spencer لەم رێبازەدا كردوویەتی.

سپنسەر وای بۆچووە، پـشت ئەسـتور بـەتیۆری پەرەسەندنی چارلس داروین كـە كۆمـەڵ Society لەسەر شێوەی بوونەوەری ئۆرگـانیی زینـدوو دایـە. هەر دەزگایەك، هەر دامەزراوێك هەر پێكهاتەیەكی كۆمەڵایەتی كۆمەڵ لـە ئەنـدامێكی لەشـی مـرۆڤ دەچـێت و وەك هـەر ئەندامـەیكی لـەش ئـەرك و فرمان و وەزیفەی دیاریكراوی خۆی هەیە. بۆ نموونە دەوڵەت كە دامەزراوێكی سەرخانی كۆمەڵایـەتی و ئابووری و سیاسی كۆمەڵە لە(سەری) مرۆڤ دەچێت. ئەمە ئەو لایەنەیە كە ئەم تیۆرییە لە بەشی ئەرك و فرماندا لـە سپنـسەری خوازتۆتـەوە و لـە چـالاكی زانستی و دەستبەكاری ئەكادیمیای خۆیـدا سـوودی

لێوەرگرتــووەو پــەیڕەوی کــردووە، ئــەم لایەنــە بــە بابەتی ئــەرك و فرمــان ناودەبرێــت چــونکە بایــەخ بەئەرك و فرمان و وەزیفە جیاوازەکانی ناو کۆمــەڵ دەدات[٩].

ئەگەرچی سوود وەرگرتن و کار لەیەکتری کــردن دیاردەیــەکی بــاو و ئاشــکرایە لــە چوارچــێوەی لێکۆڵینەوەی زانستی و تویژینەوەدا و زینــدوویی و کاریگەری هەردووکلا دەردەخات، چ ئــەوەی کــاری کردووە و چئەوەی کــاریلێکراوە، ، بــەلام هەنــدێك جــار ئــەم وەرگــرتن و کــارلێکران و خواســتنەوەیە ئــەنجامی نالــەباری لێدەکەوێتــەوە کــە رەنگــی ســنورێکی دیــاریکراو بــۆ بابــەتی کارلێکراوەکــە دەرێژێ. بۆ نموونە لە رەوشی تیۆری بنیادی ئەرك و فەرماندا ئەم خواستنەوەیە لــە تیــۆری پەرەســەندی داروین بەگشتی و سپنــسەر بەتایبــەتی لــە دوولاوە کاری نالەبار (نێگاتیڤی) خۆی کردووە ئەگەر نەڵێین دەستێکی جەرگ بڕی لێوەشاندووە.

لەلایەکــەوە، ئــەم خواســتنەوەیە زانــستی کۆمەڵایەتی (سۆسیۆلۆجی) ناچارکردووە پــەیڕەی میتۆدەو رێبازی زانستی سروشتی (فیزیك) بکات و بچێتە ریزی ئەو زانستانە کە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان دیاردەی سروشتی و دیــاردەی کۆمەڵایەتیــدا ناکەن و ناچار بێت پابەندی بنیادو ئەرك و فــەرمان بێ و لــە جیــاتی ئــەوەی بــیر لەلایــەن و رەهەنــدی دینامیکی گــۆڕان بکاتــەوە خــەریکی خــۆ خــەریك کردن بێت بەلایەنی نەگۆڕاوو ئــارام و جێگیرکردنــی نەزم و سیستەمی کۆمەڵایەتییەوە[١٠].

لەلایــەکی تــرەوە، وەك ئاشــکرایە دیــاردەی سروشــتی پابەنــدی چــەند قــانون و بنەمایــەکی نەگۆڕاوی دووبارەبوونەوە شتێکی ئاساییە، بەلام لە کۆمەڵدا ئەمــە لــە نــاوەڕۆك و روخــساردا جیایــە. تەنانەت لە هیچ سەردەم و شوێنێکدا دوو پێکهاتەو دیــاردەی کۆمەڵایــەتی وەك یــەك نایەتــە و بــەدی نــــاکرێن. لێــــرەوە بابــــەتی پەرەســــەندنی پێــشکەوتنخوازانە و نــەزم و ئــارامی کــە کۆنــت پێشنیاری کردبوون، کۆنت وتویەتی: راستەقینە دوو رووی هەیــە، گــۆڕان و ئــارامیی نــەزم، یەکــەمیان پشتگوێ دەخرێ و دووەمیــان هــەوڵی پیــادەکردنی دەدرێت. بەواتایەکی تر پاراستنی نــەزم و سیــستەم ئــیتر بــەناوەڕۆك و روخــسارە جیاکانیــەوە، دەبــێ بەشــێکی پێویــست و ناچــاری. مــرۆڤ ســەرگەرمی زانینی ئەو هەلومەرج و دۆخە دەبێت کــە مانــەوەو ئــارامیی و ســەقامگیری بــارودۆخی هەڵکــەوت و سیستەمی دەسەلات و دەستبەکاری لێدەکەوێتەوە. بەواتایەکی تر ئەم رێبازە هەوڵدەدات بزانێ چ ئەرك و فرمانێك پێویــستە جێبــەجێ بکــرێن بــۆ ئــەوەی ئــەنجامێکی کۆمەڵایــەتی دەســتگیر بــبێ، ببێتــە مایەی بەرقەراریی و مانەوەی سیــستەمەکە خــۆی، نەزمی کۆمەڵایەتی پێویستەو[١١] دەبێ بپارێزرێ و هەوڵی بۆ بدرێت.

ئەم رێبــازە هــەر لەســەرەتای ســەرهەڵدانییەوە تاوەکو ئەو رۆژەی بەتەواوەتی خــەت و خــاڵی داوە ئــەم خاڵانــەی بەئــەرکی سەرشــانی خــۆی دانــاوەو بــــەئامرازە تایبەتییەکــــەی خــــۆی هــــەوڵی جێبەجێکردنیانی داوە.

- پرۆســەی گــۆڕان و هێــز و هۆکــاری بــەرەو پێشچوون، بنیادو ئەرك و فرمان و جۆرەکانی.
- کاری تاك و کۆکار (کاری کۆمەڵایەتی).

- رۆڵی بەهاو نەریت و كلتوورو بنەماكانی ئایین و ئاكار لە پرۆسەی ئارامیی و جێگیربوونی سیستەم و پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان و نەزمی كۆمەڵایەتیدا چۆن هەڵكەوت؟ چۆن بەرقەرارو بەردەوام دەبێت؟.

- چی بكرێت بۆ ئەوەی سیستەم جێگیر بێت و ئەركی بنیادی تاكەكەس و گروپ و كۆمەڵ لەم بارەیەوە چییە؟.

- چۆن مرۆڤ وەك تاك دەبێتە ئەندامی كۆمەڵ و چۆن پەیوەندی تاكەكەسان و Personal سیستەمی كۆمەڵایەتی رەنگ دەرژێدری(١٢)؟. ئەم خاڵانەو چەند خاڵێكی تر تانوپۆی ئەو بابەتەیان لێپێكدێت كە دەكرێت بەجیهاندیدی گشتی تیۆری بنیادی ئەرك و فەرمان ناوبرێت.

دەكرێ ئەرك و فرمان، لە چەند لایەكەوەو بەچەند جۆرێك دەرك و پێناسە بكرێت. پوختترین پێناسەیەك كە لەلای رابەرانی ئەم رێبازە دەبیسترێ و دەبینرێ ئەوەیە كە تیماشیف نووسیویەتی:

ئەو ئەركەیە كە كەوتۆتە ئەستۆ، واتە" ئەو بەشدارییانەیە كە تاك پێشكەش بە كۆمەڵ و كۆمەڵ لەلای خۆیەوە پێشكەش بەو تاقمە گروپە بچووكانەی دەكات كە تیایدان و لێیان پێكهاتووە.(١٣) لێرەوە دەكرێ وادابنرێت كە ئەم جۆرە پێناسە كردنەی ئەرك و فەرمان كە ئەندامانی كۆمەڵ و دامودەزگاو دامەزراوە جۆربەجۆرەكانی كۆمەڵ دەگرێتەوە و جۆرە پەیوەندییەكی دەستەوایی لە نێوان هەردووك لادا دادەنێ و هیچیان بەبێ ئەوی تریان نابێ، و ناكرێ دەستبەرداری یەكتری بن. بێگومان نەزمی كۆمەڵایەتی بەهەموو پێكهاتەكانییەوە لە چەندین لایەن و بەش پێكهاتووە هەر لایەن و بەشەی ئەرك و فرمانی سەرەكی لەسەر شانە، بەم راپەڕاندنی ئەرك و فرمانە، جۆرێك لە سەقامگیریی و ئارامی و بەردەوامییە گشتیی دەستەبەر و دابین دەبێ.

ئەگەر مرۆڤ وەك تاك لە كۆمەڵدا بژی و ئەركی خزمەتكردنی كۆمەڵ و دەزگاو دازمەزراوەكانی لە ئەستۆدا بێت لە هەمانكاتدا بەرامبەر بەو رەوشە فرە لایەنییەی، چاوەڕی ئەوە دەكات بەرامبەرەكەشی ئەركی سەرشانی خۆی رابپەڕێنێ.

وەك چۆن مرۆڤ خزمەتی بنەماڵەو خێزان و خزمەكانی دەكات لە هەمانكاتدا خێزان خۆی ئەركی خزمەتكردن و پەروەردەكردن و پێگەیاندنی بچوك و زارۆكەكانی هەیە، كە لە دوا رۆژدا دەبن بەئەندام و كاربەدەستێكی ئەم كۆمەڵە خۆی. ئەم جۆرە دەستنیشانكردنە دەستەواییەی ئەرك و فرمان لە نێوان ئەندامانی كۆمەڵ و نەزم و پێكهاتە جۆربەجۆرەكانیدا جێدەستی بیروبۆچوونەكانی هێربەرست سپنسەر دێنێتەوەیاد كە هەولی داوە تیۆری پەرەسەندنی بوونەوەری ئۆرگانی بەسەر كۆمەڵدا پیادە بكات. لە یەكچواندنی نەزم و پێكهاتەی كۆمەڵایەتی و مرۆڤ (بوونەوەری ئۆرگانیی)، ئەوە دەگەیەنێ كە ژیانی كۆمەڵایەتی وەك بوونەوەری ئۆرگانی سەرنج بدرێت و ئەو گۆڕان و پەرەسەندن و قانونانەی دووەمیان دەگرێتەوە یەكەمیشیان بگرێتەوەو پابەندی بكات. هەروەك چۆن مرۆڤ پابەندی بە چەندین قانون و رێ و شوێن و پێداویستی ژیانی رۆژانە، جۆرە كار وكردار و بیركردنەوە و هەڵوێستی داوا لێدەكات، بەهەمان

شێوەش سیستەمی كۆمەڵایەتی پێداویستی هەمەچەشنەی هەیەو دەبێ دابین بكرێن. دابینكردنی ئەم پێداویستییانەی نەزم و سیستەمی كۆمەڵایەتی لەلایەن بەش و پێكهاتە جۆربەجۆرەكانییەوە دەبێتە مایەی مانەوەی و بەردەوام بوونی لەبووندا.

هەر لەم روانگە و بۆچوونەوە رەنگی چوارچێوەیەك دەرێژرێ كە تیادا جۆرە گۆڕانێكی سنووردار لە چوارچێوەی رەنگرێژراوی نەزم و Order پێكهاتە و دامەزراوەكانی كۆمەڵ و دەوڵەتدا، ئیتر لە پێكهاتەی خێزانەوە تا دەگاتە كولتوورو سیاسەت و ئابووری و سوپا و.... .

ئەو گۆڕانانەی لەم كایەدا لەبەرچاو دەگیرێن بەم شێوەیەن:

- ئەو گۆڕانانەی كە بەسەر كۆمەڵدا دێن، وەك هەول و كۆشش و چالاكییەك كە لەگەڵ ئەو هەلومەرجە گۆڕاوە دەرەكیانەدا بگونجێ كە هاتوونەتە پێشەوە.[١٤]

- جۆرە گونجانێكی دیارو بەرچاوی دەزگا جیاواز و جۆربەجۆرەكانی كۆمەڵ و پێكهاتەكانی لە نێو خۆیانداو لەگەڵ یەكتریدا.[١٥]

- پێگەیاندن و گۆڕینی تاكەكان و ئەندامانی خێزان و كۆمەڵگا، بەجۆرێك كە لەگەڵ دامودەزگا دامەزراوەكانی كۆمەڵدا بگونجێ، و جۆرە تەبایی و هەماهەنگییەك دەستگیر ببێ تا بەرقەراریی و بەردەوامی نەزم و سیستەم دەستەبەر بێت.

هەریەكێك لە سیستەم و پێكهاتە و دامەزراوە كۆمەڵایەتییەكان، دەوڵەت دەسەڵاتە جۆربەجۆرەكان، كۆڕ و كۆمەڵە هەمەچەشنەكان، خێزان و رێكخراوو پارتیە سیاسیەكان ئەركی كۆمەڵایەتی دیار و گرنگی سەرشانیان هەیە و چۆنێتی راپەڕاندنی ئەم ئەركە جگە لە بەرقەراركردنی نەزم و تەبایی و ئارامیی و ئاسوودەیی كۆمەڵ، ئەو ئادات و ئامانجانە دێنێتەدی كە بەسیستەم رێژیمی كۆمەڵ سپێردراون و چاوەڕێی پیادەكردنیان لێدەكرێ، جگە لەوەی بێگومان مرۆڤ، پێكهاتە كۆمەڵایەتییەكان، هەریەكە لەلای خۆیەوە وەك مافیان هەیە و داوا و چاوەڕێی بەدەستهێنانی دەكەن، بە هەمان شێوە ئەرك و فەرمانی دیاریكراویان لە ئەستۆدایە و چاوەڕێی راپەڕاندن و پیادەكردنیان لێدەكرێت. لەم ئاستەوە شیكردنەوەی كەسایەتی مرۆڤ، كولتور، بەها و نەریتەكانی ئاكار، رێ و شوێن، دروشم و بنەماكانی ئایین ،ئەرك و فرمان، بنیادی كۆمەڵایەتی خۆی و ئەو رۆڵەی دامودەزگا دەیگێڕن، دەبن بە ئەركی سەرەكی ئەم رێبازە كە بەئەركی شیكردنەوەی بنیادی فرمانییانەی كۆمەڵ ناودەبرێن. ئیتر بۆیە لە سێ بەرەدا ئەم رێبازە كۆششی كردووە.

یەكەم: دەستنیشانكردنی ئەرك و فەرمانە گرنگەكانی نەزم و سیستەمی كۆمەڵایەتی، كە بریتییە لە گونجان و هەڵكردنی سیستەمە كە لەگەڵ سیستەمەكانی ترو ژینگەی سروشتی دەوروبەریدا ئینجا ئەو توانایەی كە هەیەتی بۆ سەقامگیركردنی ئاسوودەیی و ئارامیی و بەرقەراری و هەماهەنگیی.

دووەم: دەستنیشانكردنی پێداویستییەكانی سیستەمەكە كە ببێتە مایەی دابین كردنی

هەلومەرجی پێشكەوتنی نەزمە كۆمەڵایەتییەكە هەر لە كۆنترۆڵی كۆمەڵایەتییەوە بگرە تا پەروەردەكردن و پێگەیاندنی زارۆك و نەوەی نوێ و ژیانێكی هاوبەش، بە لێك تێگەیشتنی تاكەكەسان و تاقم و كۆڕو كۆمەڵ بەپێكهاتە جۆربەجۆرەكانییەوە.

سێیەم: شیكردنەوەی پێكهاتەكانی كۆمەڵ بەپێتی هەر سێ چەمكی، كولتور، كەسایەتی و سیستەمی كۆمەڵایەتی[١٦].

بایەخ دان بەكولتوورو بنەماكانی ئاكارو بەهاكانی ئایین كە بنەمایەكی گرنگی ئەم تیۆرییە بنیادی ئەرك و فەرمانەیە، ئەوە دەردەخات كە بابەتی سۆسیۆلۆجی بەردەوام رووبەڕووی كێشەیەك بۆتەوەو دەبێتەوە كە خۆی لەم پرسیارەدا گەڵاڵە دەكات: چۆن نەزم و رێكوپێكی و هەماهەنگی و تەبایی لە كۆمەڵ و جیهانێكدا جێگیرو بەرقەرار دەبێت كە ركابەریی و ململانێ و گۆڕان، سروشتە جەوهەرییەكەی پێك دەهێنن؟! ئایا لە توانادا هەیە، هەڵكەوتە و جۆرو تایپ و نموونە كۆمەڵایەتییەكان وەك خۆیان بهێڵرێنەوە و بپارێزرین، لەگەڵ ئەمەشدا سەرچاوە و هۆكارەكانی گرژیی و ململانێیی و گۆڕانی سەرتاپاگیرانە، كۆنترۆڵ بكرێت.

پارسۆنز بایەخێكی لە رادەبەدەری بە بنەماكانی ئاكارو ئایین داوە و لەو باوەڕەدابووە كە بنەماكانی ئاكار دەتوانێ و بگرە یارمەتی پێكەوە هەڵكردنی كۆمەڵ دەدەن، بەبێ ئەوەی گۆڕان لە سیستەمی ئابووریدا بكرێت و بەبێ ئەوەی جارێكی تر داهات و سەرچاوەكانی هێز و دەسەڵات دابەشبكرێنەوە.[١٧]

ئەگەرچی ئەم بۆچوونەی پارسۆنز لەم سەردەمەدا بایەخێكی زانستی ئەوتۆی نەماوە بەڵام پێ لەسەر دوو خاڵ دادەگرێ:

یەكەم: پارسونز سەرگەرمی دۆزنەوەی سەرچاوەیەكی ترە كە ئابووری نەبێ و ببێتە مایەی گەشەكردن و كامڵ بوون و پتەوبوونی نەزمی كۆمەڵایەتی.

دووەم: رۆڵی تاكەكان و پابەند بوونیان بەئەرك و فەرمانی سەرشانیان بەرامبەر بەكۆمەڵ، گوایە ئەمە یەكگرتوویی و یەكرەنگیی پتەوی كۆمەڵی لێدەكەوێتەوە.

گومان لەوەدا نییە كە بەها و نەریت و بنەماكانی ئاكار دەكرێ وەك هۆكارو هاندەرێكی سنور بۆ رێژراوی كار و فەرمان سەرنجبدرێن و تارادەیەكیش بەسەرچاوەیەكی نەزم و رێكوپێكی كۆمەڵایەتی دابنرێن، بەڵام بەهیچ جۆرێك نابنە فاكتەر و هۆكاری سەرەكیی، چونكە خۆیان لەلای خۆیانەوە هۆكاری پەیدابوونیان هەیە و لەو هەلومەرج و بار و رەوشە كۆمەڵایەتی و ئابوورییە پەیدابوون كە هەڵگری ئەم بەها و نەریتانە تیایاندا پێگەیشتووەو پەروەردە بووە. هەروەها جۆرو رەگەزو كولتوورییەكان كە بەهاو نەریت و بنەماكانی ئاكاریان لێپێكدێت و بەشێكن لە ئەوان، وەك بە هۆكار و پاڵنەری چالاكی و كرداری مرۆڤ دانراون، كراون بەسەرچاوەیەكی ئاسوودەیی كۆمەڵ لەلای خۆیانەوە دەكرێ وەك دەرئەنجامی پەرەسەندن و هەڵوێست و رەوشی دیاریكراویش

بژمێردرێن. دەبێ تا چەند پارسۆنز لەم بارەیەوە سودی لە بۆچوونەکانی ماکس ڤیبەری ئەڵمانی دەربارەی رۆڵی کار و بەهاکانی ئایینی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و پەرەسەندنی سیستەمی سەرمایەداری وەرگرتبێ؟!

دابونەریت و بەهاکانی ئاکار و کولتور بەگشتی وەك بەشێك لەسەرخانی ژیانی کۆمەڵایەتی، بنەمایەکی گرنگی شارستانیەت و کۆمەڵیان لێ پێکهاتووە، بەهۆی پەردەوەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە لە نەوەیەکەوە بۆنەوەیەکی تر دەمێننەوە و جۆرە سیستەم و نەزمێکی پەیوەندی لە نێوان پێکهاتە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵدا دادەمەزرێنن. لە هیچ سەردەم و شوێنێك پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەبێ بەهاو نەریت، داب و رێوشوێن، بڕواو باوەڕ بوونی دیارو تایبەتمەندی خۆیانیان نەبووەو نابێت، هەر ئەو تایبەتمەندییەش میللەتێکی لەگەڵێکی تر جیاکردۆتەوە. نەزم و سیستەمی کۆمەڵایەتی لە فرە رەنگییەکی تۆڕئاسای کارو کارتێکردنی باوی کۆمەڵایەتی بەولاوە نەبووە کە کولتورو دامەزراوە هەمە چەشنەکان Institution پێکهاتەکەی بوون و لەرێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی و رەفتارو کۆرەفتاری مرۆڤ و ئەندامانی کۆمەڵدا، رۆڵی بەرچاویان گێڕاوە.

مرۆڤ بەبێ گوێدانە مەڵبەندو رۆڵی خۆی لە پرۆسەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، بوونەوەرێکی کاریگەرە، ئەو کارەی دەیکات جۆرە چالاکییەکی سێ لایەنەی لێدەردەکەوێ، ئەو کەسەی کارەکە دەکات (بکەر) ئەو کار و پیشەی دەکرێ و ئەنجام دەدرێت (بابەت) ئینجا ئەو ئامانجەی کە کارەکەی بۆ کراوە. ئەم کارکردنەی تاك لەلای خۆیەوە دەبێتە مایەی پەیدابوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە دەکرێ بەکۆکار، بەکاری کۆمەڵایەتی ناوبرێت. بەڵام ئەم هەڵوێستە کە بەشێکی سەرەکییە لەم تیۆرییە، توێژینەوە بەبارێکی تردا دەبات کە پتر بەلای دوورکەوتنەوەیە لە لایەنێکی بنەڕەتی چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان. رەوتی شیکردنەوەی تیۆرییانە پشت دەکاتە کێشەو گرفت و بابەتەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی و کلیلی ئەم کێشانە لەکەدارو رەفتاری تاکەکان بەدی دەکات!!. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە دەزگاو دامەزراوە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵ بەرامبەر بەکرداری تاکەکان کە کۆمەڵیان لێ پێکهاتووە، دەخرێنە ناو دووتای تەرازووەوە. هەروەها دەکرێ وەك ئەنجامێکی ناچارەکیی کە لەم هەڵوێستەوە دەکەوێتەوە، دەسەڵات و هێزو هەبوونی پێویست و ناچارەکیی دەوڵەت بە هەموو بەش و لایەن و پێکهاتەکانیەوە، لەگەڵ دامودەزگاو دامەزراوەکانی ئایین و کڵێسا، بەرامبەر بەکۆشش و هەوڵی رزگارکردنی کۆمەڵی مرۆڤ وەك راستییەك پشت ئەستور بە بیانووی ئەرك و فەرمان (وەزیفە)، پاساو بدرێ و ساغ بکرێتەوە(١٨).

## پەراوێز

1- Russell, Bertrand. Denker des Abendlandes dtv Muchen 1991. S. 230 ff.

2- Storig, Hans Joachim, Kleine Weltgeschichte der Philosopie. Stuttg art 1961. S. 328.

٣- ليلة. دكتور علي، بناء النواية الاجتماعية، الاسكندرية بلا. تصدير بقلم د. محمد الجوهري. ص٣٢.

٤- محمد الحسن، الاستاد الدكتور احسان، النظريات الاجتماعية المتقدمة دار وائل للنشر ط١ عمان الاردن ٢٠٠٥، ص٤٧ فما بعد.

٥- د. قيس نوري، د. عبدالمنعم الحسين، النظريات الاجتماعية بغداد ١٩٨٥ .

6- Jonas, Friedrich, Geschichte der Soziologie Bd. 2. Rowohlt. Hamburg 1976. S. 308. ff.

٧- تيماشيف. نيقولا، نظرية علم الاجتماع طبيعتها وتطورها. ترجمة جماعة من الدكاترة. م. دكتور محمد عاطف غيث. ط٥. دار المعارف عصر ١٩٨٣، ص١٣٣.

٨- كريب، ايان. النظرية الاجتماعية من ثارسونز الي هابرماس. ت: د. محمد حسين ندوم. م: د. محمد عصفور، سلسلة عالم المعرفة ٢٤٤، الكويت ١لَ، ص٧٦.

٩- فوج، اجز، الانتخاب الثقافي. ت: شوقي جلال، للمجلس الاعليَ للثقافة ٦٠٩ القاهرة- ٢٠٠٥، ص٣٣.

Hirschberger, Johannes. Geschichte der Philosophie Bd. 2. Komet M. Auflage 1980. S. 5532ff.

١٠- عبدالمعطي، د. عبدالباسط، اتجاهات نظرية في علم الاجتماع. عالم المعرفة ٤٤ الكويت ١٩٨١، ص١٥٨ فما بعد.

11- Jonas, f. Ebenda. S306.

12- Donas, F. Ebenda. S. 314.

١٣- تيماشيف انيقولا، المصدر نفسة. ص١٢٣.

١٤- فوج، اجز، الانتخاب الثقافي، ت: شوقي جلال المجلس الاعليَ للثقافة ٦٠٩ القاهرة- ٢٠٠٥ ط. ص٣٣ فما بعد.

15- Jonas, F. Ebenda. S. 317.ff.

١٦-الحسن ، د. احسان محمد، النظريات الاجتماعية المتقدمة. ص٥٣-٥٤ .

١٧- جولدز، الفن، الازمة القادمة لعلم الاجتماع الغربي. ت: وتقديم علي ليلة المجلس الاعليَ للثقافة. المشروع القومي للترجمة ٦٦٧، القاهرة- ط١ سنة ٢٠٠٤، ص٢٤٦ .

18- Jonas, Friderich. Geschichte der Soziologie. 8d. 2. Hamburg 1976. S. 307.